
# ئەو مرۆڤەی لەدەنگی پێ ی ئاودا نەبێ....
# مەحاڵە دەنگی ببیستی!

هیوا عەلی رەشید



من ئەمجارە فوو بە کوانوی خامۆش بووەوەی
ئاگردانی ناخم ئەکەم!
هەتاوەکو بۆ نووسینی قەسیدەیەک بۆ باڵای شەم
لە سووتانی پەڕوباڵی (وەلیم)ەوە
گڕ لە باڵی پەروانەی قەڵەم بەرئەدەم.
من ئەمجارە لەچوارچێوەی دیواربەندی
وێنەکەمەوە دێمەدەر!
هەتاوەکو بەگەرمیی هەنسکی خۆری ئەندێشەوە
شەونم لەناو نسێی تەمەنی بەسەرچوو نەکەمە هەڵم
بەچواردەوری مانگی شیعردا
لەسەر پالێتی بیناییم
بە پاستێلی بارانەوە،
وێنەیەک نەهێنمە بەرهەم،
گوێی دەنگی پێی ئاو نەبیستێ و
ڕەنگی بێڕەنگی خوداوەند بەدی نەکاو
خەم بۆ گوڵی وێنجە نەخوا لە زەمەنی گوڵە باخدا
هاوڕێیەتیی گۆشەگیریەتیی داڵ نەکا
لەزەمەنی نەجیبزادەیی ئەسپدا،
لەوەستان لەبەرهەتاودا، هەست بە داگیرکاریی
مێژووی جیهان ناکا، لە ویژدانا
هەرگیز.... هەرگیز جارێکی تر ناچمەوە ناو چوارچێوەی خۆم
ئەگەر هاتوو وێنەی شاعیرێکی جاوید
لەناو خۆما نەهێنمە دەر.

من ئەمجارە هەر بەیادی ڕووبارەوە
پیاڵەی سەراب دەشۆرم و
هەر بەیادی بینینەوە، چاوی کوێربووی پەڕەسێلکە دەکەمەوەو
هەر بەیادی تاریکیی ئێوارانەوە
باڵندە (منێرڤا)ی عەقڵم هەڵدەفرێنم!
من ئەمجارە هەر بەیادی بەهرەمەندیی بارانەوە
چەتری شیعر هەڵئەدەم و
هەر بەیادی فەرهادەوە، کێوی دڵڕەقی خوسرەوی
ئام سەردەمە هەڵدەکۆڵم و
هەر بەیادی مردنەکەی ناو کتێبی یادەوەرییە درۆزنەکان
پەڕەپەڕەی بیرچوونەوە لا ئەدەم و
مۆمێکی نوێ بۆ بیرکردنەوە لەژیان
جارێکی تر، دووبارە دادەگیرسێنم.
گەورەم سوهراب چۆن بتوانم
حەقیقەتت بنووسمەوە!
لەکاتێکدا تۆ لە ناو ڕاڕایی هەست و لەناو دوودڵیی ئەندێشەو
لەناو نیگەرانیی وشەو
لەناو گومانی شیعرەوە
تۆ دێیتە ناو پێنووسمەوە.
گەورەم سوهراب چۆن بتوانم؟
دەموچاوێکی وابشۆم!
گوڵی وێنجەم لەگوڵەباخ پێ جوانتربێ!
چۆن بتوانم دەموچاوێکی وا بشۆم
بیابانم لەدەریا پێ دڵگیرتربێ و
کە سۆزانیم لەفریشتە گەلێک لا بەئیمانتربێ.
شەریعەتم لەسیاسەت پێ قورستر بێ و
قەلەڕەشم لەنەوڕەس پێ سپیتر بێ.
گەورەم سوهراب چۆن بتوانم
لەسەردەمی نەجیبزادەیی ئەسپداو
پاکیزیەتیی کۆتردا
لەقەفەزی نەریت و بیروباوەڕدا داڵ ڕابگرم!
چۆن بتوانم لەسەردەمی ئاسنیندا
لەسەردەمی ئاتایست و
سیاسەتی بێ مۆراڵ و
ململانێی وەهمەکان و
نیهلیزمی سەرتاپاگیردا
چۆن بتوانم پێش ڕوودانی بوومەلەرزە هەڵۆیەک بم هەڵبفرم و
چۆن بتوانم پەپولەیم بپارێزم،

چۆن بتوانم لێبووردەیی (دەلایلاما) و
ئەوینی قوڵی (مەولانا) و
خواناسیی (مەسیح) و (مۆرتی)،
جوگرافیای (کاشان) و (تبت) و
(ئورشەلیم) یاخود (کێوی تور)
لەسەر نەخشەی ئەم ڕۆژگارە
چۆن ڕابگرم.
گەورەم سوهراب
من ئەزانم مرۆڤیەتیت
لەسەردەمی کرانەوەی خونچەی ناسکی گوڵەباخ
پێش لەدایکبوونی دڕک
پێش گەشەکردنی ئازار
پشکووتووە!
من ئەزانم خاکیەتیی تۆ
لەسەردەمی چڕبوونەوەی گەواڵە هەوری تاریکی ناوچە دوورەدەستەکاندا
پێش وەستان لەبەر هەتاودا
پێش داگیرکردنی سێبەر
دروست بووە.
من ئەزانم ڕووناکیی جاویدانی تۆ
پێش هاتنە دنیای ئەم خۆرە
پێش لەدایکبوونی شەوگار
نوری خوای کۆکردۆتەوە!
من ئەزانم مایسترۆی دەنگی پێی ئاوت
پێش گوزەرکردنی گڕەو
پێش تێپەڕبوونی ڕەشەبا
بەناو قامیشی (مەولانا)
نۆتەی دەنگێکی ئەبەدی
لەشانۆیی گوێی (بتهۆڤن)دا
وتۆتەوە.
ئاخر گەورەم منداڵانی ئەم سەردەمە
لیمۆ بەدارەوە ئەمژن،
پەپولە پێش هاتنەدەری لەناو هاڵاو و گەرمیدا
لە ناو قۆزاخەدا ئەکوژن
لەناو پەرداخی گوماندا ئاسەواری یەقین ئەڕژن،
مادەی بینینەوەی خۆمان لەئاوێنەدا ئەکڕێنن،
هەتا وێنەکانمان بدزن.
تۆڕ بۆ گرتنی تەڕایی ئاو هەڵئەدەن.
کۆتر هەر بەفڕینەوە لە ئاسماندا بەدیل ئەگرن

یاقوت هەر لەناو دەریادا هەڕاج ئەکەن
تەنانەت خواش لە فێڵی ئەمان دەرناچن!
ئاخر گەورەم منداڵانی سەردەمی تۆ
پێش ئەوەی بەرد هەڵبدەنە ناو گۆمەوە،
پرسەیان بۆ بۆق دائەنا،
پێش ئەوەی گاز لەسێو بگرن
ویژدانی دانیان ئەجوڵا،
پێش ئەوەی حەیای گوڵ بگرن
بۆ دروستکردنی عەتر،
چەندین جار بە بۆ ئەکەوتن.
پێش ئەوەی کچێنیی هەنار
بەچەقۆی گەیین و تەرزە سوور هەڵگەڕێ
تەنافی حەوشەی بینینیان زوو لا ئەبرد،
نەبادا چاوی قەڵەم و قەلەڕەشەکان بزانن.
پێش ئەوەی بەبیانووی عەشق
پەپولەکان فریوبدەن
بیانخەنە ناو مەرگی بیرچوونەوەوە،
ڕوخسەتیان لە کتێب ئەخواست
ئاخر گەورەم پێم ناڵێی چۆن ئەم سەردەمەو
سەردەمی تۆ
لەیەک ئەچن؟
ئاخر گەورەم من ئەمەوێ ببم بە تۆ
من ئەمەوێ لەگوومانی توتڕکەوە بگەمە یەقینی ئازار
من ئەمەوێ لەسووتانی دەزووی چاوم
نهێنیی توانەوەی مۆم ئاشکراکەم،
من ئەمەوێ لەدیاری ئەوینێکی جاویدانی
بگەمە نادیاری خودا،
من ئەمەوێ کە وێنەی خۆم لە پشتی ئاوێنەشەوە بەدی بکەم،
من ئەمەوێ ترپەی دڵی مێروولەیەک دیاری بکەم
لەکاتی پێدا پیاناندا،
من ئەمەوێ لەڕوو زەردبوونی ئەو سێوەی
(نیوتن)ی بەخەبەرهێناو
بەهەشتی لەئاسمانەوە هێنایە زەوی و
یاسای گوناهی دۆزییەوە
حاڵی ببم، من ئەمەوێ
سیحری ئەو سڕە بزانم!
ئاخر گەورەم من ئەمەوێ ببم بەتۆ
بەڵام جیاوازیمان زۆرە،

بەقەد دووریی نسێ و خۆرە،
تۆ خەڵکی شاری کاشانی و
منیش خەڵکی شاری ناشوێن،
تۆموسڵمانێکی پاکیت
منیش هەر بەناو موسڵمان،
تۆ قیبلەت گوڵەباخێکە
منیش قیبلەم گوڵە زەنبەق،
تۆ ڕووناکی بەردەمۆرتەو
منیش تاریکایی شەوی یەڵدا و دەیجوور،
تۆ لەگەڵ ترپەی پەنجەرە دەستنوێژ ئەگری
منیش بە ترپەی پەنجەرە شوشەی دەستنوێژم زوو ئەشکێ،
تۆ کەعبەت لەکەنار ئاوەو
منیش کەعبەم وا لەسەراب،
تۆ هاوینان کاتێ لەسەربان ئەنوستیت
لەنێوانی دوو ئەستێرە هەر بەهێڵی کاکێشاندا
جۆلانەت بۆ خەو هەڵئەخست،
منیش هاوینان لەسەربان داو بۆ وەنەوز ئەهۆنمەوە،
هەزارانجار ئەستێرەکان ئەژمێرم
لەباکوورەوە بۆ باشوور،
لە ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژ ئاوا،
بەڵام هەرگیز من نەمتوانی بەردی وەنەوز
بە شاخی سیزیفی خەودا هەڵگەڕێنم،
من نەمتوانی جۆلانەیەک بۆ پشوودان دروست بکەم،
ئاخر من چۆن کە بتوانم ببم بە تۆ
چۆن...... بتوانم!
ئاخر گەورەم بینینی تۆو بینینی من
ئەرزو ئاسمان لێک جیاوازن،
تۆ پەیژەیەکت ئەبینی باری عیشقی بۆ سەربان ئەگوێزایەوە،
منیش پەیژەیەکم بینی مرۆڤی بەرەو نغرۆبوون
هەڵگرتبوو،
تۆ گەدایەکت ئەبینی سواڵی ئاوازی حەزینی کڵاوکوڕەیەکی ئەکرد،
منیش پاشایەکم بینی بۆ شەهوەتی غەریزەی خۆی
بوولبوولێکی سەرئەبڕی،
تۆ لە لەوەڕگای نەسیحەت گایەکت بینی تەواو تێر،
من لە لەوەڕگای سیاسەت سەرۆکێکم بینی برسی،
تۆ شاعیرێکت ئەبینی بە گوڵە سەوسەنی ئەوت:
"فەرموو ئەمرکەن جەنابتان"
منیش شاعیرێکم بینی سەودای تەورو چەقۆی ئەکرد

بەدیاری بیبا بۆ کۆشکی جەلادەکان،
تۆ حوشترێکت ئەبینی باری سەبەتەی پڕپڕ بوو لە مێژوو و پەندی پێشینان،
منیش چەندان پاسەوانی ئەم نیشتمانەی خۆمم دی
باریان پڕ بوو لە ئاسەوار،
لە مۆزەخانەو لە دوێنێ و ڕابردوو،
هەموویان برد بۆ دوژمنان
تۆ گوڵفرۆشێکت بینی گوڵەکانی هەڕاج ئەکرد،
منیش مرۆڤگەلێکم دی نیشتمانیان هەڕاج ئەکرد
تۆ شاعیرێکت ئەبینی لە نێوان دوو گوڵی یاسدا
جۆلانەی بەهرەی هەڵئەخست،
من چەندان شاعیرم بینی لە نێوانی دوو گیرفانی
قوڵ و پڕی دوو حیزبدا
جۆلانەی درۆی هەڵئەخست،
تۆ کوڕێکت بینی بەردی ئەگرتە دیواری مەکتەب،
من مەکتەبێکم ئەبینی بەردی ئەگرتە مەعریفە،
تۆ نەتدیوە دوو سنەوبەر دوژمنی یەکتربن و
من بینیوومە دوو دەست یەکتر دەبڕنەوەو
دوو چاو ڕاپۆرت لە یەک ئەدەن،
تۆ نەتدیوە داربییەک کە سێبەری خۆی بەسەر زەوی ساغ بکاتەوە،
من بینیومە مرۆڤ گەلێک کە پەیکەریان بۆ سێبەری خۆیان دانا
بۆ ئەوەی خەڵک لە پاڵیدا وێنە بگرن،
تۆ نەتدیوە کەنارەوەن گەلایەک بە قەلەڕەشێک
بەخۆڕایی بفرۆشێ پێی،
من بینیومە چەندان قەلەڕەشی سپی
داهاتوویان بەخۆڕایی خستەمەزاد،
بەچەندان کڕیاری ئێستا.
تۆ ترپەی گوڵەکان ئەگری،
من ترپەی دڵی خۆشم قەد بۆ ناگیرێ
چونکە دڵم لای خۆم نییەو نامۆ بووەو نایەتەوە
بۆ ئەم جەستەیەی نیشتمان،
تۆ هەروەکو مەیخانەیەک لە سنووری تەمەڵیدای
منیش هەروەک تەمەڵییەک لە سنوری حوجرەیەکدام،
تۆ بە تەقینی میزڵدان پێناکەنی
من بە تەقینی دڵی گەل پێئەکەنم،
تۆ ئەگەر بێتو فەلسەفە مانگ بکا بەدوو لەتەوە پێناکەنی،
من ئەگەر بێتو سەرۆکێک وڵات بکا بە دوو لەتەوە
من پێویستە سەما بکەم،
تۆ لە هەرکوێیەک بی ئاسمان تاپۆی تۆیە و

ئەستێرە وا بەسەرتەوە و
یاسای مۆڕاڵ وا لە ناختا،
منیش لە هەرکوێیەک ببم یا سەقفی ژوور
یاخود هەور یان تارمایی گەشتی باکوور
نایەڵێت ئاسمان ببینم،
تۆ ئەڵێی لەڕابردوودا فەزایەکی زیندوو نییە،
مەل ناخوێنێ و
بایەکی تێدا هەڵناکا،
من ئێستاش لە ڕابردوودام
من بەهیوام مەلی کەیکسار بخوێنێ و
فەزای ماد زیندووبێتەوە
کوانووی زەردەشت گەش بێتەوەو دابگیرسێ و
ڕەشەبای جوامێری هەڵکا،
تۆ قەد لە مردن ناترسی
چونکە ئەزانی کە مردن قەد کۆتایی کۆتر نییە،
من هەر لەژیان ئەترسم
چونکە ئەزانم کە ژیان هەڵگێڕانەوەی جوانییە،
نەفرەتکردنە لە یەقین،
نوشتانەوەیە لە بەردەم جەلادەکان،
کڕینی مەعریفەیەکە لە گەوجەکان،
کڕینی ڕووناکییەکە لە ڕەچەڵەک تاریکەکان،
کڕینی ئەشکی ساختەیە لە چاویلکە لە چاوەکان،
دۆزینەوەی بەهەشتێکی درۆیینەیە لەناو دۆزەخی ڕاستییەکان،
هەڵکێشانی شەوبۆیەکە لەسەر ناڕەوایی ڕووان
لە باخچە ناقانوونییەکان
پچڕاندنی دەزووی کۆلارەی شیعرێکە
هەر بەبیانووی بەزاندنی سنووری بیرکردنەوەکان،
بە مانگا بوونی مرۆڤە کە دەتوانن هەرشت کاوێژ بکەنەوە
بێ ڕامان و لێکدانەوە،
کوژانەوەی چرایەکە بەبیانووی پێشێلکردنی حەرەمی
پیرۆزی شەوە تاریکەکان،
شکاندنی ئاوێنەی ڕوونی ڕووبارە بە بەردی ڕق
بە تاوانی نەبینینی نادیارەکان،
سڕینەوەی چەند وشەیەکی سپییە لەسەر تەختەڕەشی دڵی
مرۆڤە زەوق بێرەنگەکان،
ژیان لای من جگە لە چەندەها پرسیار مەست بە عەدەم
بۆ وەڵامی (بوون) بگەڕێی
ماڵی (زمان) تیایدا نییە.